www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:58

# پیەسسی ( * ) دەرد و مەینەتی لە ئەفغانستان

هۆنەری ئەڵمانی /// تیۆدۆر فۆنتانە
لە هۆڵەندییەوە /// حەمەی ئەحمەد ڕەسوول

لە ئاسمانەوە بە هێمنی پرووشەی بەفر دێتە خوارێ . .
لە جەلال ئابادەوە ، شۆڕەسوارێ ڕاوەستاوە ؛
" ئەوە کێیە ، کێ لێرەیە . . !؟
تارمایی ئینگلیزێ ، مژدەیەکی بۆ ئەفغانستان پێیە . . !! "
(ئەفغانستان ) ی ووت بە دەنگێکی لەرزۆکەوە . .
نیوەی دانیشتوانی شار لە دەوری کۆبوونەوە . .
<سێر ڕۆبەرت>ی سەرۆك پرسی ؛
بیخەنە سەر ئەسپەکەی خۆی و بەرەو (قووڵلەی بەردینی چاوەدێری ) بەرن
بە تەنیشت سۆپاکەی ئەویوە داینیشێنن ،
ئاگر گەرمیکردەوە و ڕووناکی هەناسەیەکی پێبەخشییەوە . .
گیانێکی هاتەوە بەرخۆ و بە خۆشنوودییەوە ، ووتی ؛
<سیازدە هەزار چەکدار بووین ، لە —کابول—ەوە ملی ڕێیگرتەبەر ،
کاروانسەرامان ، کە بریتی بوو لە سەرباز و ئەفسەر و ژن و زارۆکان . .
لە سەرما و سۆڵە دا هەڵەلەرزین . . بێئومێد و تێکشکاو
سووپاکەمان سەراپا پەرشوبلاو . . ئەوی مابۆوە
بەسەریێکی لەرزۆکەوە . . ڕووبەڕووی چارەنووسی شەوبۆوە . .
وەلێ من ، بەزەیی خوا بە فەریادرەسی سپاردبووم . .
بڕوانن گەر پێئاندەکرێ ، گەر لە دەستتاندێ ، ئەوانیدیکە ڕزگارکەن . . >

* * * *

(سێر ڕۆبەرت ) بەرەو قەڵاتێ وەژوور کەوت . .
سەرباز و ئەفسەرانیش وەدووی کەوتن و . .
لە لووتکەوە (سێر ڕۆبەرت ) پێیگووتن :
" بەفرێکی زۆر دەبارێ و ئەوی بە دوومانا دەگەڕێ . ناماندۆزێتەوە . .
ئەوان وەکو نابینا ، ڕووخساری خۆیان شاردۆتەوە . .
هەرچەندە کە هێندەش دوور نین لێمانەوە ،
لێگەڕێن ! با دەنگمان ببیستن ، ئێمە لێرەین . .
سترانێ بۆ نیشتمان و ئازیزان بێژن . .
بە درێژایی شەو زورنا بژەنن . . "

www.kurdistannet.org
20/06/2002 22:58

ئەوان زوڕنا لێدەدەن و ماندووش نابن . .
بە درێژایی شەو ستران دوای ستران دەبیسترێ . .
سەرەتا بە دەنگێکی شادەوە گوێمان لە گۆرانییە ئینگلیزییەکان دەبێ و . .
پاشان دەبنە ئاوازێکی دلّەزێن و خومگین . .
*+*
بە درێژایی شەو و ڕۆژ ،
بە دەنگێکی بەرز و زولاڵەوە ، ستران بچڕن
ئەوین نەبێ ، هیچی دیکە زەفەری پێنابا . .
ئەوان گۆرانیی دەچڕن . . . زوڕنا دەژەنن . .
شەوی دووەم دەستپێیکرد و بێهوودە گازەندە دەکەن . .
بێهوودە شوبخوونیدەکەن . .
پێویستە گوێڕادێرن ؛ تێکڕای سووپا تەفروتوونا بوو
کاروانسەرا بە سیازدەهەزار دەستپێیکرد و ،
کەسێ ، تەنها کەسێ لە ئەفغانستانەوە . . نەگەڕایەوە . . .
( * ) پییەس = شانۆ .

* * * * هۆنەر و شاعیری ئەڵمانی تیۆدۆر فۆنتانە کە لە نێوان ( ١٨١٩ –١٨٩٨ ) دا ژیاوە ، بە ڕاستگۆییەوە یەکەم جەنگی نێوان ئینگلیز و
ئەفغانییەکانی وێنا کردووە ، کە چوار ساڵی خایاندووە لە ( ١٨٣٨ – ١٨٤٢ ) ئەو هۆنراوەیەشی لە دیوانە تاقانەکەیدا –هۆنراوە هەڵبژاردەکان )
کە لە ساڵی ١٨٩٧ دا بلاّوکردۆتەوە . .

.